# مافی شاروەندیی لە دەوڵەتی کۆماری دیمۆکراتیکی گەدەی مەشکە رەشدا

ئەیوب ئەیوب زادە

بۆ ئەوە داستانەکەم دەست پێبکەم، ناچارم بە قەتاری دەرەجە سێی خەیاڵ لە گەڵ خۆم بتانبەمە مەزرای چوکوراوا. چوکورئاوا، ئەو شوێنەیە کە یاشارکەمالی بنەو بنەچەکە چەتە کتێبێکی شاعیرانەی بەزمانی ترکیی لەسەر نووسیوە. ئەو گوندە شوێنی چەتەیەکی نابوتەڵە بە ناوی مەمەدە خڕە بووە کە لەنێو ژنان بە مەمەدۆک نێودێر کراوە. وەرگێرێکی کوردیزانی کارامەش کە رێگەی خۆ دەرخستنی لە گەڕەکی زانستگەکانی وێژە و ئەدەبی کوردییدا نییە کردوویە بە کووردیی.

بەڵێ بە نووسینی ئەم بابەتە دەمەوێ، بێ پرس و رای خاوەن مافان و بێ دەستووری مەردمسالارانە و پاراستنی مافی هاوولاتیتی، خەڵاتی نۆبێل بدەم بە دووکەس کە یەکیان دەرویش مەشکەرەشە. چونکە من ئەو بلیمەتە لە چەتەگەریی ئەدەبییدا کەمتر لە نووسەرانی پۆست مۆدێرنیزم بە کەمتر نازانم. لەوانەیە لەبەر گیروگرفتی ئیتنیکی نەکرێ ئەو بەخششەش بکرێ، بەڵام خۆ لەسەردەمی مافی یەکسانیی مەدەنییدا دەتوانرێ"میدالیای کەڵە شاعیر و کەڵە نووسەر " ی بۆ لە زانکۆ کوردییەکان وبیروڕای گشتیی وەربگرم.

نەنکیم،کە دژبەری بێرەزا و دزێوی سیاسیی منە ، دەڵێ : "وتەی باڵای کەڵەشاعیر و گۆڵە نووسەر" ئەو پەسنە" قەشەنگ"انەن، کە دەمانبەنەوە سەردەمی کێوپارەنشینی و ئەشکەوت و لێرەوار و چۆڵ پەرستیی. ئەمانە لەگەڵ ئەم کاتە کە بە سەردەمی دیموکراسیی مۆدێرن ناوی دەبەن یەک ناگرنەوە. بەڵام من کارم بە یەکگرتنەوە نییە. منیش وەکو رێبەرانی کورد بی سێ و دوو لێکردن، جیاوازیخوازم. نابینی کە رێبەرانی کورد چەندە حەز لە جیایی دەکەن. هەمووشتێک لەناو خۆیاندا بۆ جیا بوونەوە بە یەکسان دابەش دەکەن. نموونەکەشی پارلمانە " بە دووکوتی بەرامبەر، دابەش" بیرمەندی دەسەلاتداری سیاسیی بە بێ دوو سەرۆکەوە دابەش. ژن و ئافرەت، داروودرەخت نێر و مێ، نەنێر، نەمێ هەموو دابەش دابەش. بەڵام گرییەکی هندکیش هەیە کە چاری ناکرێ

هەرچەند رێبەران لەسەری کۆکن، ئەویش یەکێتیی عیراق، تەواوەتیی ئێران وئیمپراتووریی تورکیای دراوسێیە کە نەم بیستووە کوردێکی سیاسیی وشەی دابەشکردن بۆ ئەوانە لە زمانی هەڵخەلەتێ. گیروگرفتێکی دیکەش لەوەدایە کە رێبەرانی سیاسیش لە سەرەی وەرگرتنی " میدالیا"دان.

دیارە " میدالیا"ی هونەریی کە لە زانستگەی سەلاحەدین و زانکۆکانی سلێمانی و دەور و بەر بۆ هونەرمەند و شاعیرانێ، کە لە هەزارەزیلی شێعر خوێندنەوەدا لە هەموان توندتر و چڕ تر گوراندبێتی بە ئیمێل و پۆستی مۆدرنیتە بۆیان بەڕێدکرێ تا کەڵکی پەرەیی لێوەربگرن . تەنانەت کاتێ ئەو هەڵبەستوانانەی کە بە کەڵ ناودێر کراون لە فڕکەش بکەون، واتە خوا نەکا جەڵدە لێیان بدا و بمرن، هەر "کەڵ" دەمێننەوە و لەسەر گۆرەکەیان بۆیان دەنووسن: " ئەم کەڵە شاعیرە5 فەردە شیعرو باری بارگینێکی زانستی نوێ لە بواری شارومەنیی و کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای بیری فرۆید و فیکە، فیختە و فۆکۆ و فسۆکۆف نووسیوە و کوردی پێ حەساندۆتەوە. شرۆوەکەر و راڤەڤانان لە درێژەی ژینامەی ئەودا دەنووسن کە ئەو "کەڵە" توانیبوی بە شاخی شێعر جەند کەڵگامێشی شێعری بیانیی و لاوەکی ئاو دیو بکات و لە دزیی ئەدەبیدا لە ئارسێن لۆپەن کەڵدزتر بووە. هەر وەها لە بواری" هۆغۆشیدا" ( هۆگۆ) نووسیوە!!. لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا هەروەها دەنووسرێ: " ئەم کەڵەشاعیرە لەمەر زەحمەت بەخۆدان بە نەڕاندن زۆر جار بیلامانێ ، پەرژینێکی بە گوڵ بێ ! خۆی تەڕ کردووە و ئێژن ئەمەنە بە قەو قیراندوویە کە ریخۆلەی تا نێوگەڵی داخزیوە و بۆ هەڵوێزنینەوەی پێویستیی بە سووکەڵە نەشتەرگەرییەک بووە. هەر وەها، ئەڵێن بەدەگمەن کەڵە شاعیرێکی سەردەم هەبووە کە "هەرگیز" شێعری شاعیرانی عەرەبیی وەکو ئەو نەکردووە بە هی خۆی. لەبەر ئەوە لە تاران لە شەقامی پاسیداران" میدالیای دژایەتیی تێرۆری برایەتیی فیکرییان" لە مل کردووە. یان ئەگێرنەوە،کە ئەو "کەرە پیاوە بە زاراوەی هەولێریی- فاریسێشی لە فارسان باشتر دەزانێ( بخوێنەوە زانیوە، ، بۆ نووسینی کەلانە دەربەستی رێزمان مەبە!) تەنانەت زۆر جار سەعدی شیرازیی چووەتە لای ئەم بریمەتە سینگ کەرەشێرە (بە زاراوەی هەولێریی) و وانە فاریسییەکانی لێپرسیبۆوە. گوایە سەعدیی بۆخۆی مانای دەستەواژەیەکی فاریسی کە گوایە ئەوە بووە: " دیشەب دو گل بە ما زدند و اونا یکی خوردند"" نازانێ و لەو کەڵە شاعیرەی کورد دەپرسێتەوە. ئەو زانا بلیمەتە بێ راوەستان

دەڵێ: "بەڵێ دێش ترکییە ومانای ددانە گل بە واتا قوڕی بلوێرە، زد بە مانای لێیدا واتە بە ددان شمشاڵی لێدا و شمشال نەوعێک دووزەلەیە و ئەویش ئەوکی خوراند". لەبەر ئەوە پێشنیاری پێکراوە کتێبی دووڕەی نادریی بکا بە کوردیی و" دیراساتی قووڵی" موکری قڕانەکە بنووسێ کە لەبەر چی بووە خەلکی بێتاوانیان کوشتووە وکارەساتەکانی قەڵای دمدم بە کوردییەکی پاراو بکا بە کوردی و بیدابە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحدین تا لەمەر "دیراساتی قووڵ" و پێداچوونە لە باری کوردیی زانینی باڵا، بۆ ئەم هەموو شارەزاییە، میدالیای وەرگێرترین کەسایەتی وەرگرێ. لە ئاکامی ئەو کارە مەزنە کە بریتییە لە نووسینەوەی ناوی شاعیران بە پیتی لاتین، دوو فەردە دوکترای پێ وەربگرێ و زانای ڕۆژهەڵاتناس وەکوو ئەوانەی لە بازارە وشکەی سلێمانی دەرمانی قەڵەویی دەفرۆشن هاوار بکا و بڵێ: ئەوها دەبێ نامەی دێ ئا و لە دامانی خۆشەویستدا بەو کوردییە پاراوە و بی خۆ فشکردنی باڵا چارەی خۆنوسین شرۆوە بکابۆ فێر بوونی باڵا...

زۆر جار وشەگەلی "قەشەنگ" و گولۆشەی رازاوە لەلایەن " زمانەوان و کوردیزانانەوە" دروست ئەکرێ و "کەڵەشاعیرەکان" ئەمەنە خەیاڵی خرپن و تیسکن لەبەر پشیلەی شێعر دەکەن کە لە بەر رێکولووسیی مانا لە زماندا، ئەبێ مارکیس و هۆغۆ و غارباشۆف لێیان فێر بن(مەبەست مارکس. هۆگۆ، گارباچۆف بووە) و نەنکێم بە پێچەوانەی من دەڵێ ئەمانە هیچیان شیاوی وەرگرتنی ئەو پەسنانە نین . بەلام نەنکێ فارسیی زانینی ئەوانی لەبەرچاو نەبووە کە پێیان وایە فارێسیش لە کوردییەکە باشتر ئەزانن و ئێژن ئەم دوو زمانە لە شاری قوم عەزرەتی مەحسومە کردوونیە دەستەخووشک.

بۆ وشەیەکی لەبار دەگەرام کە بیکەمە" میدالیا " تا لە ملی ئافرەتێکی پاڵەوانی شێعری بکەم، بەلام بۆم نەدۆزرایەوە کە، هاوکێش و هاوسەنگی "کەڵەشاعیر" بێ، چونکە من هەرگیز لەمەر قۆناخی ئەدەبی لێڕەواریی و سەردەمی کەڵسالاریی و گامێشگەلیی شتێکم نەخوێندۆتەوە.

زۆر کولم و خەیاڵی شەپرێوم هەر بەرەو مەزرای چوکورئاوا فڕکەیەتی. سەرم سووڕماوە لە کاری یەشارکەمالی بنەو بنەچەکە چەتە، کە چۆنە نابێتە لایەنگری کۆمەلگای مەدەنی و مافی شارومەندیی؟ ئەو بنەچەک چەتەیە بۆچی بە پیتکە و

حەرفی لاتەن کتێبێک لەسەر ئەوبابەتە نانووسێ و بۆ کۆلێژی پەروەردەی سەلاحەدینی نانێرێ؟ بۆچی دەست لە حەمەدۆک نووسین هەڵناگرێ و رو بکاتە باسی کۆن و نوێیی ناسیۆن و خراپیی ئێتنیکی کورد تا" دانیشنامە"ی دوکتورای لە زانکۆی سورەبن( سۆربۆن ) پێوەربگرێ. بۆ ناچێ ماوەیەک فێری کوردیی نووسین بێ و لە مامۆستایانی کۆلێژی کوردییزان فێری زمانی فەرەنسی بێ. بە تایبەتیی لەوانەی لەبری وشەی من ئێژم، دەلێن« فەرمووومان » تا لەسەر دیپلۆمەکەیان "دیراساتی قوولْ" بکەن.

ئەم چەمکی شاروەندییە ئەوەندە بەهێزە هەتا ئەوپەڕی سنووری کێوی قافی خەیال بۆ تماشای 406 ژاندارمی ترکی لایەنگری مافی شاروەندیی رکێشم دەکا. چەند رۆژ پێش لە دامودەزگا خەبەرییەکاندا بڵاوکرایەوە کە گرتووخانەیەکی ترکاندا406 ژاندارم دەسدرێژییان بۆ سەر کچە کوردیک کردووە. نازانم ئەوە لەگەڵ ئەو باسە کە ژاندارمی ترک لەترسی کوژرانیان بە دەستی حەمەدۆک هەموو دە دەرپێی خۆیان دەریانو کەس نەیدەوێرا بەسەگی ئاواییەکانیش بلێ چخە چۆن لەو تیۆرییە و مافپارێزیی کۆمەڵگای مەدەنی وهاوولاتێتیدا گرێ بدەم ؟

تێدا ماوم ئەو" میدالیا"یە واتە ئەو خەلاتە دەدرێ بەو 406 ژاندارمە کە بە شێوەی سازماندراوی دەوڵەتیی بۆ لەنێوبردنی هەستی نەتەوەخوازیی و ئێتنیکیی ئەو کچە" ناسیۆنالیستە" و پەرەپێدانی مافی شاروەندیی کەماڵیی ئەو ئەتکەیان کردووە، یان بەو ژنە کە لە نێوچاوی هەر ژاندارمێکی ترکدا بزەی بکوژێکی کوردی دیوە کە بەناوی ئێتنیسیتەی رەگەزی دەسەلاتدارەوە هێرشی دەکاتە سەر؟ یان بیدەن بەو تیۆریداتاشانە کە فەرمانی کوشتنی حەمەدۆکان بەرەوا دەزانن و لە ریزی ئەو 406 ژاندارمەدا بۆ سەرە رادەوەستن تا هێرش بکەنە سەر ناموس و کەسایەتیی و هوییەتی نەتەوەیی و ئێتنیکیی ئەو کچە دیلە، لەزیندانی ترکاندا؟

دەزانم یاشارکەماڵ وەکو باوباپیری ماوە و دەستی لە" شوغڵی بنەو بنەچەکەی، وەکوو رەسووی نادری گوتەنی بۆ شایەری هەڵنەگرتووە"'، لەلایەکی دیکەشەوە قانوونی دێموکراتی- شاروەندیی و تیئۆریی مۆدێرنیزمی بریتانیایی مەزن بە ودمی زمانی پاراوی کوردیی پەرەفسۆری بەناو ودەنگ هەموو ترکانی کردووەتە ترکی شاروەندی مافپارێز. لەبەر ئەوە خودا بەسەر شاهیدە و دەچمەوە چوکوراوا

و له تەنیشت چیخ و چادری چەتە ئۆغلیی ، وەتەنداش یاشار کەماڵ، منیش چارداخی خۆم له ڕەشەرێحانه و له سوسەنبەر و گوڵه سووران چێ دەکەم و دەنێرم حەمەدۆکی نووستوو لەدڵی گەلمدا وەخەبەر بێ و تا بۆ راماڵینی ئەم بکوژ و قینلەزگانه به هەلەداوان بێتەوه ناومان. لەکوێستان هەر حەمەدۆکێک نەبووه. لەوێ کوڕان و کچانی 9999حەمەدۆکی لێیه که ئامادەن هەرکام به تیپ و لەشکری پر چەکی ئیمان به هوییەت و کەسایەتی باوو باپیریانەوه سەر به نامەرد و ژاندارهاورێیان دانەوێنن. بەشادیی ئەو رۆژه مەزنەش دەنێرم مەشکەرەش بێنن تا لەبەر چاوی هەموو بیرمەندو دیکتاتوران له کردەوەدا شێوەی ژیانی هێمنانەی شارومەندیی و ژیاریی به پێی ئاخر تێئورییەکانی فۆکۆ و فرۆید و پۆستمۆدێرنیزم به کردەوه نیشان بدا.

گیروگرفتی من ئەوەیه نازانم کام ناوی زۆر مەزن هەیه وەکو میدالیا پێشکەش به م بلیمەته بکەم. وشەگەلی عەگید، زانا، لێزان ، مرۆڤدوست و کوردپەروەر و ... ناگەنه وشەی قەببه قەببەی وەکو زەبەلاح ، کەڵەشیر، کەڵه پیاو ، کەڵگا، کەڵەگا، کەڵگامێش ، کەڵتۆقێن، گائەنگێو، شێرکوژی سەردەمی فۆکۆ و فرۆید و فیسکه و فسۆکان که ترکان به کردەوه نیشانی کوردی دەدەن. هەر چەند من دەمەویست ئەم "میدالیا"یه بدەم به شاعیرێکی بەناوو دەنگ که له گەرەلاوژەدا دەنگی لەهەموان قەڵەوتره. خوا نەیوڕی عەینی نەڕنەڕه شیرەس. بەڵام بەر لەو دەیدەم به دەرویش مەشکەرەش، که بەراستی مۆجزەگەره. باوەرم پێبکەن ئازیزان ! ئەوەی من دیومه ئێوه دیتباتان هەموو هونەر و دەسترەنگینییەکەی یاشارکەماڵ و کوردییه لووس و بێگرێ و گۆلەکانی نووسەر و وەرگێرەکان وچەقه و گوڕەو تەمال هەستاندنەی ئەو شاعیره و تێئۆرییه داتاشراوەکەی« ناسیۆنالیزم بۆ کورد نەباشه بەڵام بۆ ترک و فارس و بریتانیا بەجێیه» ،به قوربانی هەردوو قامکی ئەسپیکوژەی مەشکەرەشتان دەکرد.

یاشار کەماڵی بنەو بنەچەک جەردە وەکو بۆ خۆی باسی دەکا: " چەتەیی به خراپ نازانێ ، چونکه ئەو له نێو ترکاندا دەژی و بۆ ترکی وەتەنداش دزی نەکردن خوێریەتیه و کەسێک ئەو جۆره بیره له مێشکیدا نه بێ به حیزی دەزانن. هەر لەبەر ئەوه یەشار کەماڵ شانازی به چەتەگەریی باووباپیری دەکا، هەر چەند پێوانەی پۆندی بریتانیی نایخوا. یاشار له دیمانەیەکی تەلەفیزیاییدا به دوور و

درێژیی باسی چەتەگەریی باوو باپیرانی دەکاو منیش ئەو کارە بە عەگیدی دەزانم .هەر لەبەر ئەوەیە کە پێراگەیشتن بە کاری ئەو 406 ژاندارمە لەبری تێئۆرییەکەی لایەنگرانی مافی شارومەندیی مەدەنی بە حەمەدۆکان دەسپێرم.

لام وایە دفاعییەکەی دوکتور کیانوری لەمەر پشتیوانی لە کۆماری خۆمەینی و دنەدانی کۆمارەکەی دژی" کوردی کەللەرەقی دابەستەی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم " و بە جاسوس دەرچوونی خۆی و تێئۆرییە شەق و شرەکەی کۆمەڵگای مەدەنیش هەر بو سرینەوەی ئارەقی بنکلکی ئەسپەکەی حەمەدۆک دەبن و بەس. هەرچەند ئەوە لەگەڵ بریاری مەدەنی نارێکە و قانوونی مەملەکەتی ژیاریی نایگرێ. بەڵام بەبروای کوردی مەزلووم هەموو "میدالیا"ی ئەم جیهانە دەبێ بدرێ بە مەمەدۆک و مەلا حەسەنی شیوەسەڵی و وەستا ئەحمەدی کوهگەرد، مەحموود کاوانی و سەرگورد عەبباسی و سەرگورد کەریمی عەلییار و 9996 یارانیان کە بە مەردیی ژیان.

ئای بۆ ئەو کاتە کە گەورە وەزیر و وەکیل و مەزنی مستەفاکەماڵ بە بیستنی ناوی مەمەدۆک پەرژینێکی بە گوڵ بێ دەرپیکانیان پڕ دەکرد!!

یاشار کەماڵ گوتەنی" کتوپر بەهاری چوکورئاوا بارگەو بنەی لەو دەشتە کاکی بە کاکییە بە ئەرددا دا. لە نەکاو گوڵ، گوڵخونچە ، مەل، مێشەهەنگ ئەم ناوەیان پڕکرد. تیشکئاژنی خۆرەتاو لە ئەردی دڵتەر و تامەزرۆ. گورگ ، مەل، مار و مێروو، هەموو بوونەوەری هوژاندن و بەسەر سوورماویی لە کونان سەریان وەدەر نا و سەرسامگرتووی ئەو جیهانە تەڕ و نوێیە بوون"

لەو کەش و هەو بە هاریی چوکورئاوادا دەروێش مەشکەرەش وەنێو مەزرای چوکوراوا کەوتووە، لە هەر جانەوەرێک نموونەیەک دەگرێ و لە توربێنێکیان داوێ. هەر دەڵێی نووحی نەبییە و بۆ رزگارکردنی تۆوی بوونەوەر لە نەمان گوڵبژێریان دەکا و لەپاپۆرەکەیان داوێ. با ئەوەش بێژین کە دەشتی چوکوراوا زۆر لە کێوی جودی واتە ئەو هەزار بەهەزارەی کەشتییەکەی باوە نوحی لێ سەکنی، دوور نییە.

## بەشی دووهەم

مەشکەرەش کەوایەکی ئەستووری مەیلە و ر ەشی دووبەری تەریب دوو ریزی شرِی لەبەردایە  جیَجیَی کونە و بەراحەتی پاساریی دەتوانیَ پیَیدا بیَ و بچیَ. پاتۆلیَکی شرِی فشۆلَی چلَکنی قرتماغەگرتووی ریتالَریتالَ بە سەت بزگورەوە لە دوولینگەی هەلَکیَشاوە. میَزەریَکی ئاخوندیی بیَ لفکە کە پرچە دریَژە کانی داپۆشیون بە تیلاگی سەریەوەیە و پشتوێنیَکی چوارگەزیی چیتی گریَچنی لە پشت دایە.  پان و پۆر ، چوار شانە، تا بلیَی کەلَەگەت ، ملکورت، قەپۆز بەرانی، کولَمە خر، لچ داچۆراو، دەنگ گرِ و خۆشمەشرەف. لەسەر سەکۆی بەردەمی چایخانەکەی سولَتانبای پر بە مەیدانیَک خۆی لیَ بلاَو کردووەتەوە. خەلکیَکی زۆری لیَ وەکۆ بوتەوە و بە سەسورمانەوە لیَیدەروانن. تاقمیَک مندال ناویَرن لیَی نزیک کەون و هەر لە دوورەوە تیَیرِاماون. کەمکەس هەیە لە کاروکردەکانی چیرۆکیَکی نەبیستبیَ. هیَندیَک پیَیان وایە لەگەلَ جندۆکە بۆرەخزمایەتییەکی هەیە . بەشیَک پیَیان وایە پیاو چاکە و هیَزی نەدیاری سرووشتی لە پشتە. پیرە ژنان دەلَیَن روحی مەشکەرەش و هەموو پیَرۆی ئەم  خۆرهەلاَتە و پەلەوەری تاریکە سەلات  لە کانگای بیَبرانەوەی روحی سروشتدا تریفەی ژیانیان ویَکەوتووە، هەر لەبەر ئەوەیە لەیەکتر نامۆ نین. ئەو جرِوجانەوەرە لە باخەلیدا هەست بە هیَمنی دەکەن و لە بوون لە گەل مەشکەرەشدا دەچنە جیهانی خەونی بیَبرانەوە و لە هلوم واتەلە رۆئیادا لەو بەهەشتەی کە باوە ئادەم و دایکۆلە حەوایان لیَ وەدەرنان لەکازینۆیَ مفتەدا لەگەلَ پەری و "ئۆغلاَنلار = بە ترکی کورِیژگە و لاوک" و غلمان و غولام و ئەغلمەی عەرەبی  دانسی سینەمایی دەکەن. هەلَبەت هەموو ئەوانە بە بیَ پیَناسەی نەتەوەیی و ئیَتنیکییەوە بە ماسکی شارومەندیی دەچنە سەر شانۆی دانسەکە. خەلَکی شار پیَیانوایە لەبەر بۆنی خۆشی لەشی مەشکەرِەش چ جانەوەریَک دلَی نایە گازووکەی لیَبگریَ و هیچکامیش بە غەریبی نازانیَ،  تەنانەت  بۆ دووپشکیش کە دۆستایەتی نازانیَ، نامۆ نییە. لەم دواییانەدا مەشکە رِەش زیاتر دەچیَتە چایخانەکان و کارە سەیرەکانی دەخاتە بەر چاوی بینەران. یەکیَ نەیناسیَ دەلَیَ: ئەمە مامۆستای کۆلیَژی پەروەردەی ئوروپایە کە تازە دیپلۆمی دراساتی قوولی لە کەمزانینی زمانی کوردیی و ونرخاندنی شویَنەوارە ئەدەبیەکان بە پیتی عەرەبی وەرگرتووە. یان

ماموستای فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالکتیکە کە ئا بەو شێوە ڕێکوپێکە دە دوێ و بینەرانی بە خۆشییەوە دەباتە گەشت و گوزاری جیهانی زانستەوە.ئەمەش پەردەیەکی ئەو نومایشەیە کە ئەمرۆژانە دەیخاتە بەرچاو. بەوتەی خۆی لەم سەروبەندەدا بابەتی کۆمەلگای مەدەنی و مافی شاروەندیی عەرش و قورشی پرکردووە، ئەویش بۆ ئەوە بینەرانی لەگەل کۆمەلگای ژیاریی گەدەی داچەقاوی خۆی، ئاشنا بکا هەولْی خۆی دەدا و بەم جۆرە دێتە سەر شانۆی سیاسی ولآت و ئەویش خۆی لەو باسە وەردەدا کە سەروبنی تا ئێستا بۆ کەس نەدووڕواوە.

مەشکەرەش پاش ئەوە چایەکی بە تەنەکەی گەرووی داکرد و خۆی لێ فشکرد، دەست بە نێو کەوای داچەقاویدا دەگێرێ و یەکە یەکە دانیشتوانی مەملەکەتی گەدەی کە ژیانێکی پر لە ژیاریی - مەدەنییان هەیە دەردێنێ و لە بەردەمی خۆی دایان دەنێ و دەلْێ : هەرکا م لەمانە دەزانێ چ مافێکی هەیە. ئەزانن دێموکراسی و ماردمسواری( مردمسالاری) لەو کۆمارە بێ وێنەیە چەندە پێشکەوتووە. ئەلحەق کە بێ وێنە کارێکە. مەشکە رەش یەکەم بوونەوەری بێ ئازاری مەملەکەتی گەدە، واتە دووپشکێ کە سەر و کلک و نێوقەدی لە شێرەحیزە شمشیردارەکەی لکاو بە ئالآی ئێرانەوە دەچێ، دەردێنێ و پیشانی بینەرانی دەدا و دەلْێ: ئەمە دووپشکی سیاکێو و رووتەنانە. ژارێکی هەیە یەکاویەک. لە جسنی ئەو ژارەی کە لە نقێمی ئەنگوستیلەی کلێۆپاترادا بوو، خزمی ئەو ژارەی کە گۆتە دەیەویست دەرخواردی فاوستی بدا، مینیاتوری ئەو ژارەی کە هەزاران کوردی لە باینجان، خدراوێ، سەردەشت، هەلْەبجە، گەرمیان ، سەرگەلْوو و بارزان قر کرد و کارایی خۆی نیشان دا. لە بنەچەکەی ئەو سەممەی کۆمارەکەی خومەینیە کە لە چێشتی پێشمەرگەی کوردی کرد و کوێر و کوتری کردن. ئەم خاوەن ژارە، ئەم دووپشکەیە کە ژنانی گوندەکانی سەرسنوور بۆ ئەوە لە کاتی باسکردنیدا نەیەتە جەستەیان ، ناوی ناهێنن و تەنیا بە ناز ناوی" چۆش " بە سرتە پێناسەی دەکەن. پاش ئەوە مەشکەرەش دەست دەبا و یەکی دیکە دەردێنێ و دەلْێ ئەمەش باوک برای ئەو دووپشکەیە و لە گوندان دەژی و کاراییەکەی لەوەی تر کەمتر نییە. سەیر ئەوەیە کە ئەم دوو بزۆزە کلک قیتانە دەلەی بە راکیی و زەحلەی مافی مەدەنی و شارومەندیی و هاوولآتێتی سەرخۆش و سیامەستن، لە جێی خۆیان چەقیون. ئەلْێی ئەمانە کلکی سەگی خوێری لە گەلْوز گیراون ، یان ملی رەق راگرتووی بەردەمی وێنەگرن خۆیان دا نواندووە و دەیانەوێ بێ کەموکووڕیی و

ڕێک و پێک وێنەکەیان دەر بچێ. جاری سێهەم مەشکەرەش دەست بە باخەڵیدا دەکا و سوجەمارێک دەردێنێ و دەڵێ: ئەمەش رەییس حکوومەتی مەملەکەتی گەدەی منە. پارێزەری مەردمسالارییە، لە مافی شەهرومەندیدا لە فۆکۆ و لە پۆست مۆدێرنیزمدا دەستی لە خاتەمی و مۆنتەزیری ئەستاندووە. لە دەزگای حکومەتەکەیدا دەوەدیزی* (واتە شەقێ کە لە چۆکی وشتری دەدەن بۆ ئەوە یخی دەن) لە چەشنی ئەوەی لە بەرگەدەی ئینسافعەلیی رۆژنامەنووسی تەورێزییان دا خەبەرێک نییە. قانوونی مافی فەردیی دوور لە ناسیۆنالیزم و ئێتنیک لێرە حاشای لێکراوە . ناسیونالیزم حەدی چییە، هەر کەس باسی بکا بە تاوانی دژایەتی لە حاکمییەتی خوا و ئیسلام کە کاری بە سەر شعوب و قەبایلەوە نییە و برایەتی ئیسلامیی دەوێ کەربەندی دەکەن. ئەو وتەیەی کە دەڵی " الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیرما بانفسهم" بایە. هەر وەکو دەبینن ئەو مافی ناسیونالیزم و نەتەوەگەریی و کیانخوازییە لە ئیسلامیشدا کە هەیە و نیشە، . فۆکۆ و پۆستچییەکانیش هەر لەو بەشە ئیسلامییە کەلکی زۆریان وەرگرتووە تا تیئۆرییە شارومەندییەکەیان گەیاندووتە ئاستێک کە هەر لە کوردستان و بۆ کوردی کەللەرەق کەڵکی لێوەربگیرێ. چونکە ئەو گەلە ژیارییەی گورگ بە باپیرەگەورەی خۆی دەزانێ و لە دروشمەکانیاندا بە قامکە تیتولە و دوشاومژە گوێییەکانی باپیرە گورگە و بە قامکی ئەسپێ کوژەیان قاپێلکەسەری با پیرەیان نیشان دەدەن، ئێستا بە هاتنی ئەو تیئۆرییە بە تەواوی کەڵپەیان لە کار کەوتووە و ئەوەی کە دەبینن 406* ژاندارم لە گرتووخانەیەکی ترکیەدا کارێکی ئەوتۆیان بەسەر ئەو ژنە کوردە هێناوە، دەسکەوتی ئەو مەزن تیئۆریە پێشکەوتووەیە کە ژیاریی بۆ کورد و تورک بەدیاری هێناوە. بە پێی ئەو تیۆرییە دەستدرێژیی 406 ژاندارمی ترک بۆ سەر ژنێکی کورد بە تاوانی ئەوە کە کوردە نە کارێکی سیاسییە، بەلکو سزایی- مەدەنییە. هەوڵ دراوە لەو کۆمەلگا مەدەنییەی گەدەی مندا ترۆریزمی بنلادەن و ئیسلامی پێشوەرۆ و پاشوەرۆ لە گەڵ کۆمۆنیستی تۆخ ژیانێکی لاپ دێمۆکراسیی ماردمسالارانەیان هەبێ. وەک دەبینن حاکمییەت لێرەدا مار دمسالارییە. لێرە قورواق کە بە شێرەواقە و بۆق ناسراوە لەگەڵ قرژال و زەردەقۆرە، مەلی وەکو پەرەسێلکە، جورڕە پۆپنە و پەزپەزە کێویلە کۆمارێکیان پێکهێناوە بە ناوی کۆماریی مەدەنیی شارووەمەندیی کە خوا دەزانێ عیسای روح الله و روحاللەی موسا ناتوانن کۆمارێکی ئەوتۆ درووست بکەن. ئێوە دە زانن چەند جۆر مار هەیە؟ رەقەمار، کوێرەمار

کوتکەمار،کەومار، سوجەمار، ماری گائەنگێو، شینەمار، کوبڕای چاویلکەدار و بێچاویلکە، بووئا، مارگیسک، ماری ئاویی ، هەژدیهاو زۆری تر ئەمانە هەموو دانیشتووانی مەملەکەتی گەدەی منن، وێنەی ئەمانە لەکۆمەڵی مرۆڤایەتیشدا فرەن.. هەر وەها لەم کۆمارە دا ژوشک واتە ژووژی یان ژووژە کە دوژمنی باوەکوشتەی مارە گەلێ زۆرن . گشت ئەمانە وەحیکمەت قانوونگەل ماردمسالاریی و جامیعەی مەعدەنی (مەدەنی) وەک دەور ئیمام مەهدی، بێ شەڕ و شۆڕ، بەهەشتێکیان رەخساندووە کە مەپرسە !. تەنانەت هۆوییەت نەتەوەیی لە حاکمییەتدا نەماوە. ناو " هوییەت رفت انجا کە عەرەب تیر انداخت". تەنها سەمبول حاکمە . مەسە ل ئیجوورە : ناو مار وەگەرد گشت جانەوەریەل قاتی بووگە. ئەڕا حکوومەت مەدەنی چوون هوییەت نابێ هەبی دەبێ هەر نەتەوەیەک خۆی لە نێو نەتەوەیەکی دیکەدا بتوێنێتەوە تا بتوانێ بەرەکەتی کۆمەڵگای مەدەنی بەسەردا بباریێ. و کاری 406 ژاندارمی ترک دژ بە کچە کوردێک بە کارێکی نەسیاسی بزانێ و بە رواڵەتێکی پێشکەوتووانەبی لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی ئێتنیک و ناسیۆن بزانێ و لەئیئتیلافی نوێی مار و مەلدا ئەوە بە ئەزموونێکی گرنگ لەقەڵەم بدا و هەوڵی بدا کە کورد داوای مافی سیاسیی و دەسەڵات نەکا و ئەوکچەکوردەش ئامۆژگاریی بکەن لە کۆمەڵگای مەدەنی_ شاروەندیی دا ئەو شتانە ئاساییین و نابێ سکاڵای هەبێ ، مەبادا بەتاونی پڕوپاگەندەی جیاوازیخوازیی بدرێتە مەحکەمەی سیاسیی - لەشکریی و مەسەلەکەی بچێتە نێو خانەی ئەمنییەتییەوە. کورد دەبێ ئەلەو ئەزموونانە فێر بێ. بۆ نموونە لە یەکێتێ مار و دووپشک مارپش ، لە لێکدانی مار و مریشک مامر . هەر وەهالە تێکخستنی مار و قرژاڵ کە مارژاڵ دروست بووە کەڵک وەرگرێ. بەمجۆرە کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەبێ و هەموو وێکرا بە خۆشی ئەژین.

لەو کاتەدا لەو سەری باخەکەوە هاوار هەستا کە دێڵە گورگ لە مەریی داوە ، خەلک بە بیستنی ئەم خەبەرە بەرەو هاوارەکە رایان کرد و دەروێش مەشکە رەش نەیتوانی باسەکەی تەواو بکا. لەبەر ئەوە بە ئیزن وەرگرتن لە ئاپۆرەی خەڵک بەرەو مەری گورگ لێدراو رایکرد تا بەشە گۆشتی مفتەی بەشانی دادا و بۆ دانیشتوانی شاری کۆمەڵگای مەدەنی لەدەست مشەخۆرانی برفێنێ. مەشکە رەش بەدەم رۆیشتنەوە بریاری دا کە رۆژی دواتر بە درێژی لە ئاشتیی نێوان مار و

ژوژو بۆق و مار ، دووپشک و پەزپەزەکێویلە، مار و مەل لەو کۆمارەدا بدو ی و مەسەلەی هوویيەت و ناسیۆنالیزم و ئیتنیسێتە ولە حاکمییەت جیا بکاتەوە.

با چاوەروان بین پاش کەبابخواردنەکە لەو کۆمەڵگا مەدەنییەدا ئێمەی لە ژیاریی وەپاشکەوتوو وانەکانمان بە باشیی لە مەشکەرەش و دانیشتوانی مەملەکەت گەدەی وەک ئەو 406 ژاندارمەترکە فێر بین. با مەشکەرەش و شاگردە پسپۆرە کانی کە جاروبار لە نەخۆشی مەشکەرەشدا جەزمەدەیانگرێ و کەف بە لا لغاوەیاندا یەوەندی شۆلاوگە دەبەستی بۆ ئەوە دەبێ بێستانی لەبەر بکەی بۆ کاتێکی دیکە بە جێ دیڵین و سۆز بێ هەر کە کەبابەکە گەدەی تێرکردن بچینە

جەستەیان .

ayoubzadeh@t--online.de